# لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆ لەگەرمیان کەسێک گیانی لەدەست دا و کەسێکی دیکەش بە سەختی بریندار بوو

بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی گەرمیان ئاماژە بەوە دەکات، لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆ، کەسێک گیانی لەدەست دا و کەسێکی دیکەش بە سەختی بریندار بوو.

شەممە 11ـی تشرینی یەکەمی 2025، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان ڕایگەیاند: لە ئەنجامی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل لەسەر ڕێگای کۆلار - خانەقین، کەسێک گیانی لەدەست دا و یەکێکی دیکەش بە سەختی بریندار بوو.

بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی گەرمیان گوتووشیەتی، ئۆتۆمبێلێکی BYD و بارهەڵگرێك، لەسەر ڕێگای کۆلار - خانەقین و نزیک گوندی شەرەون پێکیاندا دا، لە ئەنجامدا شۆفێری ئۆتۆمبێلی جۆری BYD گیانی لەدەست دا و سەرنشینێکی بە سەختی بریندار بوو.

بە پێی زانیارییەکانی هاتوچۆی گەرمیان، بریندارەکە کە لەدایکبووی ساڵی 2000ـەە، گەیەندراوەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، ئەو هاووڵاتییەشی گیانی لەدەست داوە لەدایکبووی ساڵی 2002ـەە

و تەرەکەی لە پزیشکی دادی کەلارە، تیمی هاتووچۆش بەمەبەستی زانینی هەکار و چۆنییەتی ڕووداوەکە لەکەینەوەیان لە ڕووداوەکە دەستپەکردووە.